SDH



# "من لە ڕێوشوێنی دوبلینم - ئایا ئەمە واتای چەیە؟"

B

**زانیاری دەربارەی ڕێوشوێنی دوبلین بۆ داواکارانی پابەند بوونی پاراستنی جیهانی بۆ ماددەی 4ی لە یاسای یەکێتی ئەوروپا ژمارەی 604/2013**

تۆ ئەم نامیلکەیەکت پێدراوە لەبەرئەوەی تۆ داوای پاراستنی جیهانی ( پەنابەری) ت کردووە لەم وڵاتە یان لە وڵاتێکی تری دوبلین و دەسەڵاتداران لێرە هۆکاریان هەیە وا بڕوا بکەن کە وڵاتێکی تر لەوانەیە بەرپرسیار بێت لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت.


ئێمە ئەم وڵاتە دیاری دەکەین کە بەرپرسیارە لە ڕێگەی پرۆسەی یاسایەکی دانراو لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دەکرێت کە پێی دەوترێت "ڕێسای دوبلین". ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت " ڕێوشوێنی دوبلین". ئەم نامیلکەیە بەدوای وەڵامدانەوەی باوترین پرسیارەکانە کە لەوانەیە هەتبێت دەربارەی ئەم ڕێوشوێنە.

ئەگەر هەر شتێک لێرە نووسراوە کە لێیٚ تێناگەیت، تکایە پرسیار لە دەسەڵاتدارانمان بکە.

نامیلکەی ئێستا تەنها بۆ مەبەستی زانیاریە. ئامانجی پێشکەشکردنی زانیاری پەیوەندیدارە بە ڕێوشوێنی دوبلینە بەو کەسانەی داوای پاراستنی جیهانی دەکەن. ماف یان ناچارکردنی یاسایی دروست ناکات. مافەکان و ناچارکردنەکانی وڵاتان و کەسەکانی لە ژێر ڕێوشوێنی دوبلین ئەوانەن کە لە یاسای یەکێتی ئەوروپادا **604/2013** هاتوون.

**©European Union 2014**
بەرهەمهێنانەوە ڕێپێدراوە. بۆ هەر بەکارهێنانێک یان دووبارە بەرهەم هێنانەوەی وێنەکان، پێویستە ڕاستەوخۆ ڕێپێدان لە خاوەنی مافی لەبەرگرتنەوە وەربگیرێت.






وڵاتانی دوبلین 28 وڵاتی یەکێتی ئەوروپا دەگرێتەوە (نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، کۆماری چێک، دانیمارک، ئەستۆنیا، فینلاندە، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیرلەند، لاتڤیا، لیتوانیا، لوگزامبۆرگ، ماڵتا، هۆلەندا، پۆلەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، لەگەڵ 4 وڵاتی تری "پەیوەندیدار" بە ڕێسای دوبلین (نەرویج، ئایسلەند، سویسرا، و لیختنشتاین)).

## "بۆچی لە ڕێوشوێنی دوبلینم؟"

ڕێسای دوبلین لە سەرانسەری ناوچەیەکی جوگرافی جێبەجێدەکرێت کە 32 وڵات دەگرێتەوە. **وڵاتانی دوبلین ئەمانەن:** نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، کۆماری چێک، دانیمارک، ئەستۆنیا، فینلاندە، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیرلەند، لاتڤیا، لیتوانیا، لوگزامبۆرگ، ماڵتا، هۆلەندا، پۆلەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، لەگەڵ 4 وڵاتی تری " پەیوەندیدار" بە ڕێسای دوبلین (نەرویج، ئایسلەند، سویسرا، و لیختنشتاین)

ڕێوشوێنی دوبلین ئەوە دیاری دەکات کە تەنها یەک وڵات بەرپرسیار دەبێت لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت بۆ پەنابەری. ئەمە واتە لەوانەیە تۆ لەم وڵاتە بۆ وڵاتێکی تر دەگوزارێیتەوە کە بەرپرسیارە لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت.

ڕێوشوێنی دوبلین دوو مەبەستی هەیەک

- بۆ زامنکردنی ئەوەی داواکاریەکەت بۆ پەنابەری دەگاتە دەسەلاتداری وڵاتی بەرپرسیار بۆ کارکردن لەسەری؛
- بۆ دڵنیا کردنی ئەوەی کە تۆ زیاتر لە یەک داواکاری پێشکەش ناکەیت بۆ پەنابەری لە چەند وڵاتێک بە مەبەستی درێژکردنەوەی مانەوەت لە وڵاتانی دوبلین.

تا بڕیاری لەسەر دەدرێت کە کامە وڵات بەرپرسیارە لە بڕیاردان لە سەر داواکاریەکەت، دەسەڵاتداران لێرە بایەخ بە زانیاریەکانی داواکاریت نادەن.

**لەبیرت بێت:** پێویست ناکات بۆ وڵاتێکی تری دوبلین بچیت. ئەگەر بۆ وڵاتێکی تری دوبلین بچیت، ئەوە ئەگەر هەیە بگەڕێنرێیتەوە ئێرە یان ئەو وڵاتەی پێشووتر داوای پەنابەریت لێکرد بوو. دەست هەڵگرتن لە داواکاریەکەت وڵاتی بەرپرسیار ناگۆڕێت. ئەگەر خۆت بشاریتەوە یان ڕا بکەیت، ئەوە مەترسی دەست بەسەرکردنت لەسەر دەبێت.

ئەگەر لە ڕابردوودا لە یەکێک لە وڵاتانی دوبلین بوو بیت و لەو کاتەوە ناوچەی وڵاتانی دوبلینت جێهێشتووە بەرلەوەی بۆ ئەم وڵاتە بێیت، پێویستە ئاگادارمان بکەیتەوە. ئەمە گرنگە لەبەرئەوەی لەوانەیە کاربکاتە سەر ئەو وڵاتەی کار لەسەر داواکاریەکەت دەکات






©European Union

بۆ پەنابەری. لەوانەیە داوات لێبکرێت بەڵگە پێشکەش بکەیت بۆ ئەو کاتەی لە دەرەوەی وڵاتانی دوبلین بەسەرت بردووە، بۆ نمونە مۆرێکی سەر پاسەپۆرتەکەت، بڕیارێکی گەڕانەوە یان دەرکردن یان نووسراوی ڕەسمی ئەوە نیشان بدات کە تۆ لە دەرەوەی وڵاتانی دوبلین ژیاویت یان کارت کردووە.

## "پێویستە چ زانیاریەک دڵنیا بکەمەوە کە دەسەڵاتدارانی حکومەت دەیزانن؟ چۆن دەتوانم ئەم زانیاریە بۆ دەسەڵاتداران ڕوون بکەمەوە؟"

ئەگەر هەیە چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکرێت (چاوپێکەوتنی کەسیی) بۆ دیاریکردنی ئەوەی کامە وڵات بەرپرسیارە لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت. لەم چاوپێکەوتنە، 'ڕێوشوێنی دوبلین'ت بۆ ڕوون دەکەینەوە. پێویستە گشت زانیاریەکانمان پێبدەیت دەربارەی بوونی ئەندامانی خێزان یان خزمانت لە هەر یەکێک لە وڵاتانی دوبلین، لەگەڵ زانیاری تر کە هەست دەکەیت پەیوەندیدار بێت بە دیاریکردنی وڵاتی بەرپرسیار (سەیری خوارەوەوە بکە بۆ ئاماژەیەکی تێروتەسەڵ بۆ ئەو زانیاریەی کە پەیوەندیدارە). هەروەها پێویستە هەر بەڵگەنامە یان نووسراوێکی لات بدەیت کە زانیاری پەیوەندیداری تێدایە.

**تکایە زانیاری پەیوەندیدارمام پێبدە بۆ یارمەتیدان لە دیاریکردنی ئەو وڵاتەی کار لەسەر داواکاریەکەت دەکات بۆ پەنابەری.**

چاوپێکەوتنەکە بەو زمانە دەبێت کە تۆ تێیدەگەیت یان کە باش تێی دەگەیت و دەتوانیت قسەی پێ بکەیت.

دەتوانیت داوای وەرگێڕێک بکەیت بۆ یارمەتیدانت لە پەیوەندیکردن ئەگەر ناتوانیت لە زمانی بەکارهاتوو بگەیت. وەرگێڕەکە پێویستە تەنها ئەو شتانە وەربگێڕێت کە تۆ و کەسی چاوپێکەوتنکار دەیلێن. وەرگێڕەکە پێویست ناکات بۆچوونی خۆی زیاد بکات. ئەگەر کێشەت هەیە لە تێگەیشتن لە وەرگێڕەکە، پێویستە ئاگادارمان بکەیتەوە و/یان قسە لەگەڵ پارێزەرەکەت بکەیت.

چاوپێکەوتنەکە نهێنی دەبێت. ئەمە واتە هیچ زانیاریەک کە تۆ دەیڵێییت، بەلەخۆگرتنی ئەو ڕاستیەی تۆ داوای پەنابەریت، نانێردرێت بۆ کەسانێک یان دەسەڵاتداران لە وڵاتەکەت کە لەوانەیە بە هەر شێوەیەک بێت زیانت پێبگەیەنن یان زیان بە ئەندامانی خێزانەکەت بگەیەنن کە هێشتا لە وڵاتەکە ئەسلیەکەی خۆتن.

تەنها لەو حاڵەتە مافی چاوپێکەوتنت پێنادرێت ئەگەر پێشووتر ئەم زانیاریانەت بە ڕێگەی تر پێشکەش کرد بێت، دوای ئەوەی ئاگادار کرایتەوە دەربارەی ڕێوشوێنی دوبلین و دەرەنجامەکەی بۆ کەیسی تۆ. ئەگەر چاوپێکەوتنت لەگەڵ نەکرێت، دەتوانیت داوای زانیاری نووسراوی پەیوەندیداری زیاتر بکەیت بۆ بڕیاردان لەسەر وڵاتی بەرپرسیار.



## " دەسەڵاتداران چۆن وڵاتی بەرپرسیار بۆ کارکردن لەسەر داواکاریەکەم دیاری دەکەن؟ "

هۆکاری جۆراوجۆر هەن بۆچی وڵاتێک بەرپرسیار دەبێت لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت. ئەم هۆکارانە بە ڕێزبەندیەکی گرنگی بوون جێبەجێ دەکرێن کە لە یاسا وەرگیراوە. ئەگەر یەک هۆکار پەیوەندیدار نەبێت، ئەوە هۆکاری دواتر بەهەند وەردەگیرێت، و بەم شێوەیە.

هۆکارەکان پەیوەستن بەم فاکتەرانە، بە ڕیزبەندی گرنگی بوون:

- تۆ ئەندامێکی خێزانت هەیە ( مێرد یان ژن، منداڵی ژێر تەمەن 81 ساڵ کە پاراستنی جیهانی پێدراوە یان داواکاری پەنابەرە لە وڵاتێکی تری دوبلین؛
- **بۆیە گرنگە پێمان بڵێیت ئەگەر هیچ ئەندانێکی خێزانت لە وڵاتێکی تر دوبلین هەبێت، بەرلەوەی بڕیاری یەکەم لەسەر داواکاری پەنابەریت بدرێت.** ئەگەر دەتەوێت بەیەکەوە لە هەمان وڵاتدا کۆ بکرێنەوە، خۆت و ئەندامی خێزانەکەت پێویستە بە نووسین ئەم ویستە دەرببڕن.
- تۆ پێشووتر ڤیزا یان ڕێپێدانی نیشتەجێ بوونت پێدراوە لەلایەن وڵاتێکی تری دوبلین؛
- پەنجەمۆرت لە وڵاتێکی تری دوبلین وەرگیرا (و داتابەیسی ئەورووپی ناسراو بە یوۆرداک هەڵگیرا [1])؛
- بەڵگە هەیە کە لە وڵاتێکی تری دوبلین ژیاویت یان پێیدا تێپەڕیوویت، تەنانەت ئەگەر پەنجەمۆریشت لەوێ وەرنەگیرا بێت.




1) زانیاری زیاتر دەربارەی یوۆرداک لە لاپەڕە 8ی نامیلکەکە دراوە، "داوای پەنابەریم کردووە لە یەکێتی ئەوروپا - کامە وڵات مامەڵە لەگەڵ داواکاریەکەم دەکات؟"

## "چی دەبێت ئەگەر پشت بە چاودێری کەسێکی تر ببەستم یان کەسێکی تر پشت بەمن ببەستێت؟ "

دەکرێت لە هەمان وڵات کۆ بکرێنەوە وەک **دایك، باوك، منداڵ، برا یان خوشك** یان گشت ئەم مەرجانە جێبەجێ دەبن:

- بە یاسایی دانیشتوویی یەکێک لە وڵاتانی دوبلینن؛
- یەکێک لە ئێوە دوو گیانە، یان منداڵێکی تازە لە دایک بووی هەیە، یان زۆر نەخۆشە، یان کەم ئەندامیەتی سەختی هەیە یان پیرە؛
- یەکێک لە ئێوە پشت بە یارمەتی ئەوی تر دەبەستێت، کە دەتوانێت چاودێری ئەو بکات.

ئەو وڵاتەی کە منداڵ، خوشک/برا، یان دایك/باوکت نیشتەجێیە پێویستە بە شێوەیەکی ئاسایی پەسەندی بەرپرسیاریەتی کارکردن لەسەر داواکاریەکەت بکات، بەو مەرجەی پەیوەندی خێزانیتان لە وڵاتی خۆتاندا بوونی هەبوو بێت. هەروەها داوات لێدەکرێت بە نووسین ئاماژە بەوە بکەیت کە هەردووکتان دەتانەوێت یەک بخرێنەوە.

دەتوانیت داوای ئەم ئەگەرە بکەیت ئەگەر خۆت ئێستا لەو وڵاتەی کە منداڵەکەت، برا/خوشک، یان دایك/باوکت لەوێن، یان ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی تریی جیاوازیت لە وڵاتی ئەو خزمەی تێدا نیشتەجێیە. لە حاڵەتی دووەم، مانای ئەوەیە کە پێویستە تۆ گەشت بکەیت بۆ ئەو وڵاتە، مەگەر دۆخێکی تەندروستیت هەبێت ڕێگری بکات لەوەی تۆ گەشت بکەیت بۆ ماوەیەکی درێژ.

سەرەڕای ئەم ئەگەرە، گشت کاتێك لە ماوەی ڕێوشوێنی پەنابەری دەتوانیت داوای پەیوەندیکردن بە پەیوەندی خێزانی بکەیت بە هۆکاری مرۆیی، خێزانی یان کەلتوری. ئەگەر ئەمە پەسەند بکرێت، لەوانەیە پێویست بکات بچیتە ئەو وڵاتەی کە پەیوەندیە خێزانیەکەت تێیدا نیشتەجێیە. لەم حاڵەتە هەروەها داوات لێدەکرێت ڕەزامەندی خۆت بە نووسراو بدەیت. گرنگە کە ئاگاداری ئێمە بکەیتەوە دەربارەی هەر هۆکارێکی مرۆیی کە وابکات لێرە یان لە وڵاتێکی تر هەڵسەنگاندن بۆ داواکاریەکەت بکەین.

**کە بابەتەکانی پەیوەندی، پشت پێبەستن یان کێشە مرۆییەکان باسیان لێوە دەکرێت، تۆ داوات لێدەکرێت ڕوونکردنەوە یان بەڵگە پێشکەش بکەیت بۆ پشتگیری کردنی بانگەشەکەت.**



## "چی دەبێت ئەگەر من نەخۆش بم یان پێداویستیەکی تایبەتم هەبێت؟"

لە پێناو دابینکردنی چاودێری پزیشکی گونجاو یان چارەسەر بۆ تۆ، دەسەڵاتداران لێرە پێویستە زانیاریان هەبێت دەربارەی هەر پێویستیەکی تایبەت کە تۆ هەتە، بەلەخۆگرتنی دەربارەی تەندروستیت، و بە تایبەت ئەگەر تۆ:

- کەسێکی کەمئەندامیت،
- دوو گیانیت
- نەخۆشیەکی سەختت هەیە،
- دووچاری ئەشکەنجە، دەستدرێژی سێکسی، یان جۆرەکانی تری توندوتیژی دەروونی یان جەستەیی بوویت.

ئەگەر زانیاریە پزیشکیەکانی خۆتمان پێ بڵێیت و بریار بدرێت کە تۆ بۆ وڵاتێکی تر دەنێردرێیت، داوای ڕێپێدانی تۆ دەکەین بۆ هاوبەش کردنی زانیاری پزیشکیت لەگەڵ وڵاتەکە کە بۆی ڕەوانە دەکرێیت. ئەگەر بەمە ڕازی نەبیت، ئەمە ڕێگی لە زانیاری پزیشکی دەکات لەوەی بنێردرێت، بەڵام ڕێگری ناکات لە ناردنت بۆ وڵاتی بەرپرسیار. ئەوەت لە یاد بێت کە ئەگەر ڕازی نیت بەوەی ڕێگەمان پێبدەیت زانیاری پزیشکیت بۆ وڵاتەکەی تر بنێرین، ئەوە وڵاتەکەی تر ناتوانێت چاودێری پێداویستیە تایبەتەکانت بکات.

تکایە تێبینی ئەوە بکە کە زانیاری پزیشکیت گشت کاتێك بەو پەڕی نهێنیەوە کاری لەسەر دەکرێت لەلایەن کەسانی پسپۆر بە ناچاری نهێنی توند.

## "ئایا چەند کات دەخایەنێت بۆ بریاردان لەسەر ئەوەی کامە وڵات داواکاریەکەم وەردەگرێت؟ "ئایا چەند کات دەخایەنێت بەرلەوەی داواکاریەکەم هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت؟"

ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بریار بدەن کە ئێمە بەرپرسیارین لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت بۆ پەنابەری، ئەمە واتە لەوانەیە تۆ لەم وڵاتە بمێنیتەوە و لێرە داواکاریەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

## چی ڕوو دەدات ئەگەر وڵاتێکی تر، جیاواز لەوەی ئێستا تیایدام، بەرپرسیار بێت بۆ کارکردن لەسەر داواکاریەکەم؟

ئەگەر بڕیار بدەین وڵاتێکی تر بەرپرسیارە لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت، ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە ئەو وڵاتە پەسەندی بەرپرسیاریەتیەکە بکات لەماوە **3 مانگ** لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکاریەکەت لەم وڵاتە.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەر بەرپرسیاریەتی وڵاتێکی تر دیاری بکرێت لە سەر بنەمای داتای پەنجەمۆرت، داواکاری بۆ وڵاتەکەتی تر لەماوەی **2 مانگ** دەنێردرێت لە ساتی وەرگرتنی ئەنجامەکان لە یوۆرداک.

- ئەگەر ئەمە یەکەم جار بێت تۆ داواکاری بۆ پەنابەری لە وڵاتی دوبلین پێشکەش بکەیت بەڵام هۆکارێک هەبێت بۆ بڕواکردن کە پێویستە وڵاتێکی تری دوبلین کار لەسەر داواکاری پەنابەریت بکات، ئێمە داوا لەو وڵاتە دەکەین **"بەرپرسیاریەتی وەربگرێت"** بۆ کێیسەکەت.

ئەو وڵاتەی تۆی بۆ ڕەوانە دەکەین پێویستە لەماوەی **2 مانگ** لە وەرگرتنی داواکاریەکە وەڵام بداتەوە. ئەگەر ئەو وڵاتە لە کاتی دیاریکراودا وەڵام نەداتەوە، ئەمە واتە پەسەندی داواکاریەکەتی تۆی کردووە.

- ئەگەر پێشووتر داواکاریت پێشکەش کردووە بۆ پەنابەری لە وڵاتێکی تری دوبلینی جیاواز لەوەی ئێستا تیایدایت، ئێمە داوای ئەوە دەکەین ئەو وڵاتەی تر **"تۆ بگەڕێنێتەوە"**

ئەو وڵاتەی تۆی بۆ ڕەوانە دەکەین پێویستە لەماوەی **1 مانگ** لە وەرگرتنی داواکاریەکەت یان لەماوەی **2 هەفتە** وەڵام بداتەوە ئەگەر داواکاریەکە لەسەر داتای یوۆرداک بنیاتنرا بوو. ئەگەر ئەو وڵاتە لە کاتی دیاریکراودا وەڵام نەداتەوە، ئەمە واتە پەسەندی داواکاریەکەتی تۆی کردووە و ڕازی بێت بە بردنی تۆ.

ئەگەر، هەرچۆنێک بێت، داوای پەنابەریت لەم وڵاتە نەکردووە و داواکاری پەنابەری پێشووت لە وڵاتێکی تر ڕەتکراوەتەوە بە بڕیارێکی کۆتایی،دەتوانین بژاردەی ئەوە بکەین یان داواکاریەک بۆ وڵاتی بەرپرسیار بنێرین بۆ ئەوەی بتگەڕێنێتەوە، یان بەردەوام بین لە گەڕاندنەوەت بۆ وڵاتەکەی خۆت یان بۆ مانەوەی هەمیشەیی یان بۆ وڵاتێکی سێیەمی ئارام.



ئەگەر وڵاتێکی تر پەسەندی ئەوە بکات کە بەرپرسیارە لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت، تۆ لە بڕیاری ئێمە ئاگادار دەکرێیتەوە:

- نەوەک بۆ کارکردن لەسەر داواکاریەکەت بۆ پەنابەری لێرە بەم وڵاتە و؛
- بۆ گواستنەوەت بۆ وڵاتی بەرپرسیار.

گواستنەوەکەت لەماوەی 6 مانگ ڕوو دەدات لەو بەروارەی وڵاتەکەی تر پەسەندی بەرپرسیاریەتیەکەی کرد، یان، ئەگەر بڕیار بدەیت تانە لە بڕیارەکە بدەیت، لەماوەی 6 مانگ لەو ساتەی دادگایەک یان دەستەیەکی دادوەری بڕیاری ئەوە دەدات کە دەشێت تۆ بۆ ئەو وڵاتە ڕەوان بکرێیت. ئەم سنووردارییەی کات دەکرێت درێژ بکرێتەوە ئەگەر لە دەسەڵاتدارانی ئێرە ڕا بکەیت یان ئەگەر بەند بکرێیت.

ئەگەر دەست بەسەر بکرێیت / یان لە شوێنێکی داخراو بهێڵدرێیتەوە لەم وڵاتە وەک بەشێک لە ڕێوشوێنی دوبلین، سنوورداری کاتی کورتتر جێبەجێ دەبێت ( بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی تایبەت بکە دەربارەی دەست بەسەرکردن ).

وڵاتی بەرپرسیار وەک داواکارێکی پەنابەری مامەڵەت لەگەڵ دەکات و سوودمەند دەبیت لە گشت مافە پەیوەستەکان. ئەگەر هەرگیز داوای پەنابەریت لەو وڵاتە نەکردووە، دەرفەتی ئەوەت پێدەدرێت دوای گەیشتنت دواکاری پەنابەری پێشکەش بکەیت.

## "چی دەبێت ئەگەر ڕازی نەبم بە بڕیاری ناردنم بۆ وڵاتێکی تر؟"

تۆ ئەگەری ئەوەت هەیە بڵێیت ڕازی نیت بە بڕیارێک بۆ ناردن بۆ وڵاتێکی تریی دوبلین. ئەمە " تێهەڵچوونەوە" یان " پێداچوونەوە" ناو دەبرێت. هەروەها دەتوانیت داوای هەڵپەساردنی گواستنەوەکە بکەیت لە ماوەی تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە.

دەتوانیت لە دواوەی ئەم نامیلکەیە زانیاری بدۆزیتەوە دەربارەی ئەوەی پەیوەندی بە کامە دەسەلات بکەیت بۆ تانەدان لە بڕیارێکی ئەم وڵاتە.

کاتێک بڕیاری ڕەسمی گواستنەوە وەردەگریت لە دەسەڵاتداران، تۆ 30 ڕۆژت هەیە بۆ ئەوەی تێهەڵچوونەوەیەک پێشکەش بە دادگای ئیداری هێلینکسی بکەیت. زۆر گرنگە کە تانە بدەیت ( تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە) پێشکەش بکەیت لە ماوەی کاتی دیاریکراو.

تۆ ماوە (7) ڕۆژت هەیە بۆ داواکردنی هەڵپەساردنی گواستنەوەکەت لەو کاتەی تێهەڵچوونەوەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. دادگایەک یان دەستەی دادوەری لە ماوەیەکی کورتدا بڕیار لەسەر داواکاریەکەت دەدات. ئەگەر هەڵپەساردنەکەت ڕەت بکاتەوە، هۆکارەکانی ئەوەت پێدەدرێت.

لە ماوەی ئەم ڕێوشوێنە مافی دەسگەیشتنت بۆ یارمەتی یاسایی پێدەدرێت، و ئەگەر پێویست بکات، یارمەتی زمانەوانیشت پێدەدرێت. یارمەتی یاسایی واتە کە تۆ مافی ئەوەت هەیە کە پارێزەرێکت هەبێت کە بەڵگەکانت ئامادە دەکات و نوێنەرایەتی تۆ دەکات لەبەردەم دادگا.

لەوانەیە داوای بوونی ئەم یارمەتیە بەخۆڕایی بکەیت ئەگەر نەتوانی تێچووەکان بدەیت. زانیاری دەربارەی ڕێکخراوەکان کە یارمەتی پێشکەش دەکەن دەکرێت لە کۆتای ئەم نامیلکەیە سەیر بکرێت.



©iStockphoto / Joe Gough

## "ئایا دەکرێت دەست بەسەر بکرێم؟ "

لەوانەیە هۆکاری تر هەبێت بۆچی دەکرێت تۆ دەست بەسەر بکرێیت، بەڵام، بۆ مەبەستەکانی ڕێوشوێنی دوبلین، تەنها دەکرێت دەست بەسەر بکرێیت ئەگەر دەسەڵاتدارانمان بزانن مەترسی زۆر هەیە کە کە تۆ دەتوانیت ڕا بکەیت لەبەرئەوەی تۆ ناتەوێت بۆ وڵاتێکی تری دوبلین ڕەوانە بکرێیت.

## "ئایا ئەمە واتای چەیە؟ "

ئەگەر دەسەڵاتدارانمان هەست بکەن کە مەترسیەکی زۆر هەیە کە تۆ لە ئێمە ڕابکەیت - بۆ نموونە لەبەرئەوەی پێشووترت کردووتە یان لەبەرئەوەی تۆ پابەندی ڕاپۆرتەکانی ناچارکردن نیت - لەوانەیە لە هەر سێک لەماوەی ڕێوشوێنی دوبلین تۆ دەست بەسەر بکەن. هۆکارەکانی دەست بەسەرکردنت لەوانەیە لە یاسا نووسرا بێت. هیچ هۆکارێک جگە لەمانە لە یاسادا ناکرێت بەکاربێت بۆ دەست بەسەرکردنی تۆ.

مافی ئەوەت هەیە کە ئاگاردار بکرێیتەوە بە نووسراو دەربارەی هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی دەست بەسەرکراویت، لەگەڵ تانەدان لە فەرمانەکەی دەست بەسەرکردنت. هەروەها مافی یارمەتی یاساییت هەیە ئەگەر حەز بکەیت تانە لە فەرمانی دەست بەسەرکردنەکە بدەیت.

ئەگەر لەماوەی ڕێوشوێنی دوبلین دەستە بەسەکرایت، کاتی دیاریکراوێ پرۆسەکە بۆ تۆ بەم شێوەیە دەبێت:

- ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە ئەو وڵاتە پەسەندی بەرپرسیاریەتیەکە بکات لەماوەی **1 مانگ** لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکاریەکەت بۆ پەنابەری.
- ئەو وڵاتەی تۆی بۆ ڕەوانە دەکەین پێویستە لەماوەی **2 هەفتە** لە وەرگرتنی داواکاریەکە وەڵام بداتەوە.
- پێویستە گواستنەوەکەت لەماوەی **شەش هەفتە** لە پەسەندکردنی داواکاریەکەت لەلایەن وڵاتی بەرپرسیارەوە جێبەجێ بکرێت. ئەگەر تانە لە بڕیارەکەی گواستنەوە بدەیت، ئەوە 6 هەفتەکە لەو ساتە دەستپێدەکات کە دەسەڵاتداران، یان دادگا یان دەستەیەکی دادوەری بڕیارەکە دەدات کە بۆ تۆ سەلامەتە ڕەوانەی وڵاتی بەرپرسیار بکرێیت لە کاتێکدا تێهەڵچوونەوەکەت کاری لەسەر دەکرێت.

ئەگەر سەرکەوتوو نەبین لە پابەندبوون بە دوا مۆڵەتەکان نەبن بۆ ناردنی داواکاریەکە یان لە جێبەجێکردنی گواستنەوەکەت، دەست بەسەرکردنەکەت بۆ مەبەستی گواستنەوەت



لە ژێر ڕێسای دوبلین کۆتای دێت. لەو حاڵەتە، سنووردداری ئاسایی کاتی نمایشکراو لە سەرەوە جێبەجێ دەبێت.

## "ئایا چی بەسەر ئەو زانیارییە کەسییانە دێت کە پێشکەشی دەکەم؟ چۆن دەزانم کە بە خراپ بەکارنایەت؟"

دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دوبلین ئەو داتایە ئالوگۆڕ دەکەن کە تۆ پێشکەشیانی دەکەیت لە ماوەی ڕێوشوێنی دوبلین تەنها بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە ژێر ڕێسای دوبلین و ڕێساکانی یوۆرداک. لە سەرانسەری ڕێوشوێنی دوبلین تۆ مافی ئەوەت هەیە کە گشت زانیاریە کەسیەکانت و ئەو زانیاریەی دەربارەی حاڵەتی خۆت و خێزانەکەت پێشکەشی دەکەیت پارێزراو بێت. داتای تۆ دەکرێت تەنها بۆ مەبەستە پێناسەکراوەکان لە یاسادا بەکاربێت.

تۆ مافێکت هەیە بۆ دەسگەیشتن بە:

- بۆ داتای پەیوەست بە خۆت. مافی ئەوەت هەیە داوای داتای ئەم چەشنە بکەیت بەلەخۆگرتنی داتای یوۆرداک ڕاست بکرێتەوە، ئەگەر ڕاست نەبن، یان بسڕێتەوە ئەگەر بە نایاسایی کرابنەوە؛
- بۆ ئەو زانیاریانەی ئەوە ڕوون دەکەنەوە چۆن داوای داتای خۆت بکەیت، بەلەخۆگرتنی ڕاستکردنەوە یان سڕینەوەی داتای یوۆرداک. زانیاریەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتدارانی لێهاتووی بەرپرسیار لە ڕێوشوێنی دوبلین دەگرێتەوە، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پاراستنی داتای نیشتیمانی بەرپرس لە کارکردن لەسەر داواکاریەکانت دەربارەی پاراستنی داتای کەسییت.

8.6.2020 eteläkurdi

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

European Commission